# لەمۆریتانیاوە بۆ تەویلە و بیارە!..

**نورەدین سەعید وەیسی**
Nuradinwaisi@hotmail.com

زانیاریم دەربارەی مۆریتانیا زۆر کەمە، ڕەنگە ئەگەر لەبارەی ئەم وڵاتەوە ئیمتحانێکم بکەن هەر ٣٠ لە ١٠٠ بێنم، چونکە هەر ئەوەندەی لەبارەوە دەزانم کە وڵاتێکی هەژارو گۆشەگیری عەرەبییەو کەوتۆتە کیشوەری ئەفریقیاوە، پایتەختەکەی نەواکشۆتەو ژمارەی دانیشتوانیشی پیچەك لە دوو ملیۆن زیاترە، لەوەتەی وەبیریشم دێ هەر (معاوية ولد سيدي الطايع) سەرۆك بووە، وەکو خۆشمان ماوەیەکی زۆر خەریکی شەڕی خۆبەخۆیی بوون.

ئەگەرچی بەخەونیش مۆریتانیام نەدیووە، بەڵام واهەست دەکەم کە کوردستان ئەگەر لەهیچ وڵاتێك خۆشتر نەبێ، لەوێ خۆشترە، هەر هیچ نەبێ ئەوان (ئەزموونی دیموکراتی) یان نییەو خۆشبەختانە کەسیش باسی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکا، چونکە دەزانن هەر قسەی رووتەو قسەی رووتیش ناچێتە گیرفانەوە، تەنانەت لە سەتەلایتەکەشیان کە زۆر پێش سەتەلایتەکانی ئێمە دامەزراوەو چووەتە دیجیتەڵەشەوە، هیچ بەرنامەیەکیان نییە بەناوی بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی!

بەڵام کە دوو هەفتە لەمەوبەر لە ئینتەرنێت راپۆرتێکم لەبارەی (هۆیەکانی گەیاندن و تەکنەلۆژیای نوێ لە مۆریتانیا) خوێندەوە، بەخۆم نەبوو ئەو وڵاتەم هێندە خۆشویست ئەگەر بزانم مافی پەنابەریم پێ دەبەخشن، ئەوە تەنانەت چاوەڕێی وەڵامی ئەو فۆرمەش ناکەم کە ماوەیەك لەمەو بەر بۆ زەوی وەرگرتن پرم کردەوە، یەکسەر بەهەڵەداوان بەرەو دەشتە کاکی بەکاکییەکانی مۆریتانیا مل لێ دەنێم، چونکە دڵنیام رژێمی سەدامیش دەرووخێ و جۆرج بوشیش نازو نیعمەتی کۆشکی سپی بەجێ دێڵێ، کەچی وەڵامی فۆرمەکە هەر وەرناگرمەوە.

ڕەنگە ئەگەر داوای مافی پەنابەری بکەم لە مۆریتانیا، هەر لەگەل پێخستنە سەر خاکی لماوی ئەو وڵاتە ئەو مافەم پێ ببەخشن، چونکە من دەبمە یەکەم کەس کە داوای مافی پەنابەری بکات لەوێ، دەڵێن لەم ساڵانەی دواییدا کوردێك لەرێی هاتو نەهاتی هەندەراندا بەهەڵە خۆی لەپەکینیپایتەختی چیندا دەبینێتەوە، بۆیە بەناچاری روو لە نزیکترین بنکەی پۆلیس دەکاو داوای مافی پەنابەرێتیدەکا، بەرێوەبەری بنکەکەش هێندە تووشی سەرسورمان دەبێ، کە تەنانەت لەوەش ناسڵەمێتەوە بەپەلە پەلاماری تەلەفۆنی سەرمێزەکەی بدات و یەکسەر پەیوەندی بەوەزیری ناوخۆی چین بکا (نازانم وەزیرەکە ناوی چییە بەڵام ئەگەر لەگۆترە بڵێم دینگ لینگ بینگ ڕەنگە بەهەڵە دەرنەچێ) سەیر ئەوەبوو جەنابی وەزیر هێندەی بڵێی یەکو دوو گەیشتە شوێنیمەبەست و پێشوازییەکی گەرمی لەو برا کوردە ئاوارەیە کردو یەکسەر مافیپەنابەری پێ بەخشیو پێی گووت: (لەمێژووی دێرینی چیندا ئەوە یەکەم جارە کەسێك هانا بۆ وڵاتی ئێمە بێنێ، بۆیەش مافیپەنابەریت پێ دەبەخشین چونکە ئێمە چەندین ساڵە پتر لە ملیارێك و سەد ملیۆن کەس بەخێو دەکەین بەزیادبوونی نەفەرێکی دیکەش دڵنیام شوورەی چین نارووخێ).

خەریکە مەسەلەی راپۆرتەکەتان لەبیر ببەمەوە، کەتیایدا هاتبوو، تەنها لە نەواکشۆتی پایتەختیمۆریتانیادا زیاتر لە ٩٠ سەنتەری ئەنتەرنێت هەن، نزیکەی دووسەد هەزارکەسیش لەکۆی ٢ ملیۆن کەسی دانیشتوانی ئەو وڵاتە مۆبایلیان بەدەستەوەیە! بەپێی بەرنامەیەکی تایبەتیش حکومەتی مۆریتانیا بریاری داوە تا دوو ساڵی دیکە ژمارەی سەنتەرەکانی ئینتەرنێت بگەیەنێتە پتر لە ٥٠٠ سەنتەر کە هەموو شارو شارۆچکەو دێهاتەکان بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتێکیان بەناوی (وەزارەتی تەکنەلۆژیای نوێ) دامەزراندووە، وەزیرەکەشی خانمێکی رەش ئەسمەرە بەناوی فاتیمە محەمەد ئەلسالك.



www.kurdistannet.org

لەبەر ئەوەی لەلای خۆمان فەرمانگەی ئامار دەمێکە خانەنشین کراوە، بۆیە بەتەواوی نازانم ژمارەي سەنتەرەکانی ئینتەرنێت و تەلەفۆنی مۆبایل لە کوردستاندا چەندە؟، بەلاّم دلّنیاشم لەم ڕووەوە نەواکشۆت لەچاو هەولێرو دهۆك و سلێمانی، نیۆیۆرکە!

ئینجا بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بتوانین تۆزێك پێشبرکێی مۆریتانیا بکەین، پێشنیار دەکەم حکومەتی کوردستان کە داهێنانێکی بێ وێنەی کردو وەزارەتی مافی مرۆڤی دامەزراند، وەزارەتێکیش بەناوی (وەزارەتی کاروباری عەولەمە) دابمەزرێنێ، ئەگەر منیش بکەنە وەزیری ئەو وەزارەتە نوێیە، ئەوە لە ئێستاوە بەلێن دەدەم کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا ئینتەرنێت بگەینمە زۆربەی شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستان بەتەویلّەو بیارەشەوە، ئەو کاتە ڕەنگە موجاهیدانی (انصار الاسلام)یش لەبەر مەشغول بوونیان بەسەیر کردنی سایتەکانی (القاعده) و (ئوسامە بن لادن) هێندە فریای ئەنجامدانی کاریتیرۆریستی نەکەون!

www.kurdistannet.org